# کۆمۆنیزمی کرێکاری‌و مەسەلە سەرەکیەکانی ئێستای عێراق

**بەشی دووەم: دەوڵەت‌و سیستەمی حوکمڕانی**

**ڕێبوار ئەحمەد**

### بۆشایی دەولەت

ئیستا عیراق دەورانیك بەسەر دەبات کە تیایدا مەسەلەی دامەزراندنی دەولەت‌و ئارایشدانەوەی دەسەلاتی سیاسی بوەتە مەسەلەیەکی میحوەری بۆ وەلامدانەوە بە مەسەلەو کیشە بنەرەتیەکانی. بۆشایی دەولەت لەم کۆمەلگایەدا بۆشاییەکی گەورەو بنەمای سەرەکیە لە خولقان‌و دریژەکیشانی سیناریۆی رەشدا. دەولەتی بەعس لە ئاکامی شەری ئەمریکادا تیکروخا، بەلام تا ئیستا جیگای بە هیچ دەولەت‌و نەزمیك نەگیراوەتەوە. بۆشایی نەبونی دەولەت بەدەر لەوەی ماهیەتەکەی چیبیت، بورژوازی بیت یان پرۆلیتاری، کۆنەپەرستانەبیت یان پیشکەوتوانە، بەو سیناریۆیەی کە لە عیراقدا روویدا، کۆمەلگا بۆ ناو سیناریۆی رەش بەکیش دەکات. بێ گومان ئەمە قاعیدەیەکی گشتی نیە بۆ هەموو هەلومەرجیك، بۆ نمونە ئەگەر دەولەت لە ریگای شۆرشەوە بروخیت، هەتا پیش ئەوەی کە دەولەتی بەدیل لە جیگایدا بەرپابیت، خودی هەلومەرج‌و ئیرادەی شۆرشگیرانەی جەماوەر جۆرە نەزمیك لە کۆمەلگادا شکلپیدەدات کە دەتوانێ ئەمنیەت‌و ماف‌و لایەنەکانی ژیانی خەلك ریکبخات‌و بیپاریزیت. بەلام ئەوەی لە عیراقدا روویدا شتیکی دیکە بوو، خەلك هیچ دەورو دەخالەت‌و ئیرادەیەکیان تیایدا نەبوو، بەلکو ئیرادەی خەلکی تیکهاری. ئەوەی لە عیراقدا روویدا بەسەر یەکدا رووخاندنی باش‌و خراپ بوو، سیناریۆی ویرانکردنی هەموو شت بوو پیکەوە، واتە هەم رژیم‌و دامودەزگاکانی‌و هەم هەموو جۆرە نەزم‌و مەدەنیەتیك. دەولەتیك کە لەسەرکار بوو روخینرا بەبێ ئەوەی هیچ نەزم‌و دەولەتیك جیگای بگریتەوە. ئەمەش شیرازەی کۆمەلگای لەبەریەك هەلوەشاندو سیناریۆی رەشی خولقاند. بەم پیە هەروەکو لە بریارنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری سەبارەت بە مەسەلەی دەولەتدا هاتوە، ئەمە مەسەلەیەکە وەلامی فەوری دەویت‌و کۆتایی هینان بەم سیناریۆ رەشە گرێی خواردوە بە وەلامدانەوەی مەسەلەی دەولەتەوە.

### تەرح‌و بەدیلی بورژوازی بۆ مەسەلەی دەوڵەت

وەلامدانەوە بەم مەسەلەیەو بەرپاکردنی دەولەت‌و نەزمی ئاییندەی حوکمرانی گەلیك لایەنی هەیە. بەلام مەسەلەی بنەرەتی ئەوەیە کە چۆن مافەکانی خەلك و شیوەی بەریوەبردنی وولات دیاری دەکات، چ یاساو دەستوریکی بۆ دادەنیت، چ سیستەمیکی حوکمرانی پیادە دەکات، تا چ رادەیەك دەورو دەخالەتی خەلك تیایدا زامن دەبیت. لەسەر بناغەی ئەمانە ماهیەتی هەر دەولەتیك هەلدەسەنگیندریت. لە هەنگاوی یەکەمدا ئەمانە بەندن بە شیوەو میکانیزمی دیاری کردنی دەولەتەوە. هەر تەرح‌و پرۆسەیەك کە بوار بە بەشداری‌و دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری خەلك نەدا بۆ بریاردان لەسەر دەولەت‌و نەزمی تازەی حوکمرانی، نەك هەر تەبایی نابیت لەگەل ئاوات‌و ئامانجەکانی خەلك بەلکو دەیەوێ لە روانگەی دژایەتی کردنی ئەو ئاوات‌و ئامانجانەوە وەلامی هەموو ئەو مەسەلانە بداتەوە کە باسکران.

ئەمریکاو هیزەکانی بەرەی راست، لەسەر ئەوە هاوران کە بە شیوەی بیروکراتیانە لەسەرو ئیرادەو دەخالەتی خەلکەوە دەولەتی جیگا مەبەستی خۆیان بەسەر سەری خەلکدا بسەپینن. بە جیا لە هەر کیشەو ناکۆکیەکی نیوان خۆشیان لەسەر ئەوەش هاوران کە دەولەتی ئاییندەی عیراق هەروەکو سەردەمی بەعس، پیناسەیەکی قەومی هەبیت، بەوجۆرەی (هوشیار زیباری) وەزیرەی دەرەوەی "مجلس الحکم" رایگەیاند دەولەتیکی قەومی عەرەبی بیت، هەروەها بە بەیان‌و تەعبیری جیاجیایانەوە لەسەر ئەو ناوەرۆکەش دیسان هاوران کە پیناسەیەکی دینی بۆ دەولەتی ئاییندەی عیراق بکریت، واتە دەیانەوێ عیراق بە کۆمەلگایەکی ئیسلامی‌و دەولەتەکەی بە دەولەتیکی ئیسلامی پیناسە بکەن‌و شەریعەتی ئیسلامی بکەنە بنەمای دەستورو قانونەکانی. ئەم چەند میحوەر سەرەکیە دەتوانێ سەرخەت‌و ناوەرۆکی هاوبەشی پلاتفۆرمی کۆنەپەرستانەی هیزە بورژوازیەکان بۆ وەلامدانەوە بە مەسەلەی دەولەت روون بکاتەوە. نیشانیدەدات کە دەولەت لە روانگەی ئەوانەوە دامەزراویکە بۆ سەپاندنی دەسەلات‌و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەسەر کۆمەلگاو دانیشتواندا‌و دابینکردن‌و زەمانەتی ماف‌و ئازادیەکانی خەلك هیچ جیگایەکی لە سیاسەت‌و نەخشەی ئەواندا نیە.

ئەم هیزانە دەیانەوێ ئەو ماهیەت‌و ناوەرۆکە کۆنەپەرستانەیە بە هەندیك شیوازی روالەتی پەردەپۆش بکەن، بۆ نمونە هەندیکیان لە جیاتی ئەوەی راشکاوانە باسی پیناسەکردنی دەولەتی عیراق بە دەولەتیکی ئیسلامی بکەن، باسی جیگاوریگای تایبەتی ئیسلام لە دەولەت‌و دەستورو یاساکانی وولات‌و ریزگرتن لە موقەدەساتی ئیسلام دەکەن، کە ئەمانە لە ناوەرۆکدا هیچ مانایەکی نیە جگە لە ئاویتەکردنی ئیسلام لەگەل دەولەت‌و دەستورو یاساو سەپاندنی ئیسلام بەسەر خەلکدا. یان هاوکات لەگەل پیناسە کردنی دەولەتی عیراق بە دەولەتیکی قەومی عەرەبی، بە زیاد کردنی عیبارەی "نەتەوەکانی کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و کلدو ئاشوری بە یەکسانی لە سایەیدا دەژین"، دەیانەوێ مافی هاولاتیانی غەیرە عەرەب زمان بسەلمینن، بەلام لە راستیدا بە پیچەوانەی ئەو ئیدعا روالەتیەوە، ئەوانە پیکەوە نەك ئەو پیناسە قەومی‌و شۆڤینیستیەی دەولەت کال ناکەنەوە بەلکو تۆختری دەکەنەوە. جەخت کردن لەسەر پیناسەی قەومی عەرەبی بۆ دەولەت لەلایەك‌و هەویەی قەومی جیاوازی هاولاتیان لەلایەکی ترەوە، مانای داننانە بە بە پلە دوویی هاولاتیانی غەیرە عەرەب

زمانو به تەواى ناكۆكە لەگەل مەبدەئى بە يەكسان تەماشاكردنى دانيشتوان لەسەر بناغەى هاولاتى بوون. هەروەها سەبارەت بە شيوازى پيكهينانى دەولەتى كاتى عيراق كە ئيستا لەلايەن ئەمريكاوە تەرح كراوە، بۆ داپۆشينى دەخالەت نەدانى دەورى خەلك لەو تەرحەدا، باسى پيكهينانى مجلسيكى فراوانتر لە "مجلس الحكم" دەكەنو دەيانەوێ بە دەستەواژەى "فراوانكردن"، سيمايەكى ديموكراسى بە تەرحەكەيان ببەخشنو گوايە بەم جۆرە هەولدەدەن نوينەرايەتى جەماوەرى خەلك لە تەرحى خۆياندا زامن بكەن. بەلام لە راستيدا ئەگەر چەند بەرابەرى ئەوەش كە باسى دەكەن فراوانى بكەنەوە، ئەمە هيچ لە جەوهەرى مەسەلەكە ناگۆريت، بۆ نمونە ئەو مجلس حوكمەى كە ئەمريكا پيكيهينا، بەو پيكهاتو پيوانەيەى كە پيرەوى ليكرا ئەگەر لە جياتى 25 كەس 1000 كەسيش بوايە ، هيچى لەوە نەئەگۆرى كە مەجلسيكى كۆنەپەرستانەى قەمىو ئيسلامىو عەشايەريەو بە تەواوى لە بەرامبەر ويستو ئاواتو ئامانجە ئازاديخوازانەكانى خەلكى عيراقدا قەرارى گرتووە. بۆيە خۆبەخۆ ئەمە بە هيچ جۆريك ناكاتە بواردان بە دەخالەتو بەشدارى خەلك لە دياريكردنى دەولەتو نيزامى حاكميەتدا. مەجلسيكى داسەپاو كە خەلك نە لە دانانو نە لە لابردنيدا دەورو دەخالەتيكيان نەبيت، ئەگەر ژمارەى ئەندامانى سەد بيت يان هەزار شتيك لەوە ناگۆرێ كە داسەپينراوەو نوينەرايەتى خەلك ناكات.

لە بەرامبەر هەلومەرجى ئيستاو شيوازيكدا كە گيراوەتەبەر بۆ دياريكردنى دەولەت، هاوكات لەگەل ئەوەى كە دەبێ خەلكى ئازاديخوازو هيزى سۆسياليستىو سكولار هەولو فشارى خۆيان بهينن بۆ بواردان بە دەخالەتى خەلك، مەيدانى گرنگى خەباتو كيشە لەسەر ئەم مەسەلەيە، جەختكرنە لەسەر ناوەرۆكى دەستورو ياساو چوارچيوەيەك كە بۆ مافو ئازاديەكانى خەلك دەخريتەروو. لە دوا ليكدانەوەدا ئەمەيە كە دەبيتە بنەماى قەزاوەت لەسەر هەر دەولەتيك كە پيكديت. لە دريژەى ئەم باسەدا ئەم مەسەلەيە زياتر روون دەكەينەوە.

**هەلبژاردن**

باسى هەلبژاردن يەكيكە لەو مەسەلە حەساسانەى كە بە شيوەى جۆراوجۆرو لە دوتوێى تەرحى جياجيادا دەخريتەروو. جياواز لە جۆرە هەلبژاردنيك كە بۆ پيكهينانى حكومەتى ئينتقالى باسى دەكەن، لە تەرحيكدا كە ئەمريكا خستويەتيەروو بۆ دامەزراندنى حكومەتى ئايندەى عيراق بريارە سەرئەنجام لە كۆتايى سالى ئايندەدا هەلبژاردنى گشتى ئەنجامبدريت. هەروەها بەگشتى لايەنەكان وەكو مەبدەئيك دەم لە هەلبژاردن دەكوتن. بەلام بەشيك لە ئيسلامى سياسى بەو پيەى ئەم هەلومەرجە ئالۆزكاوو كارەساتبارەى ئيستا بۆ خۆيان بە گونجاو دەزانن، بونەتە ئالاهەلگرى هەلبژاردن. لەم بارەيەوە پيداگرىو بەريخستنى هەراوهوريا لەسەر ئەوەى كە دەبێ هەرچى زوترە ئەم هەلبژاردنە بەريوەبچيت، مەسەلەيەكى جيگاى سەرنجەو چەواشەكاريەكى گەورە لە پشتيۆە حەشاردراوە. ئەم ئاخوندو هيزە ئيسلاميانەى كە لە بنەرەتەوە باوەريان بە مافى بيركردنەوەو هەلبژاردن نيە بۆ ئينسانو پييان وايە ئەوەى لە ئاسمانەوە بۆ ئينسان دياريكراوە بێ چونو چرا دەبێ قبول بكريت، ئيستا بونەتە ديموكراسيخوازو داواى هەلبژاردن دەكەن.

بنەماى ئەم سياسەتەيان دەگەريتەوە بۆ ئەو ليكدانەوەيە كە پييان وايە لە چوارچيوەى هەلومەرجى ئيستاو لە نيو ئەم سيناريۆ رەشەدا، دەتوانن بەديلى خۆيان بسەپينن. پەلەپەلەكەشيان لەوەوە سەرچاوە دەگريت كە دەزانن خەلكى عيراق 35 سالە لە سايەى سەركوتى خويناوى رژيمى بەعسدا هيچ جۆرە دەرفەتيكيان پەيدا نەكردوە بۆ ئەوەى چاويان لە ئاستو ئاواتو ئامانجەكانى خۆيانو هيزە سياسيەكاندا بكەنەوە، چونكە چ لەو 35سالەداو چ تاوەكو ئيستاش بواريك بۆ بزووتنەوەى سۆسياليستىو راديكالو سكولارەكان نەرەخساوە كە خۆيانو بەرنامەو دەنگيان بە خەلك بگەيەنن، هەروەها لە ئيستادا ئەوان ئەو راستيە درك دەكەن كە ئەمريكا دوچارى گرفتو ناكاميە لە ساحەى سياسى عيراقدا، بۆيە ئەمانە بە فرسەت دەزاننو دەيانەوێ پيش ئەوەى كريكارانو ژنانو لاوانو خەلكى ئازاديخواز چاويان بكريتەوە، هەر لە نيو ئەم هەلومەرجە تاريكو كارەساتبارەدا كە ياساى جەنگەل بەسەريدا زالە، دەسەلاتى سياسىو دەستورو ياساى وولات لەسەر بناغەى بێ مافى خەلكو هەلومەرجى سيناريۆى رەش ببريينەوەو بەديلو دەسەلاتى خۆيان بسەپينن. ئەوەى لە پشتى هەراوهورياى تاقمە ئيسلاميەكان بۆ ئەنجامدانى هەلبژاردنى بە پەلەوە خۆى حەشارداوە، تەنها كەلك وەرگرتنە لە هەلومەرجى سيناريۆى رەشو تاريكىو بالادەستى ياساى جەنگەل، ئەمە دەرفەتيكە بۆ ئەوان تاوەكو هەم لە چاونەكراوەيى خەلك فرسەت بهينن، هەم بە زەبرى سەرەنيزە پەنجەمۆرى بەشى زۆرى دانيشتوانى جنوبو تا رادەيەكش ناوەراستى عيراق كە قورساييان بەسەرياندا هەيە، بۆ خۆيان مسۆگەربكەن.

هەلبەت بەدەر لە نيەتو نەخشەى كۆنەپەرستانەى تاقمە ئيسلاميەكان، هەلبژاردن شيوازو ريگايەكى باشو مافيكى بێئەملاو ئەولاى خەلكە، بەلام هەلبژاردن بە بێ بوونى هەلومەرجيكى بەتەواوى ئازادو ئاوەلاو ئارام كە لە سايەيدا هەموو هيزە سياسيەكان ئازادانە هەلسورينو لە ئيمكانيەتى يەكسان بۆ دانانى تەرحو پلاتفۆرمو بەديلى خۆيان لەبەردەست خەلك كەلك وەرگرنو خەلكيش بتوانن لە سايەيدا هەم بە بەديلو پلاتفۆرمو تەرحە جياوازەكان ئاشنابنو هەم ئازادانە بەديلى خۆيان هەلبژيرن، بەبێ فەراهەم كردنى هەلومەرجيك كە ئازادى بێقەيدوشەرتى سياسىو مافە سياسىو مەدەينە حاشا هەلنەگرەكانى خەلكى تيادا پاريزراوبيت، هەروەها بەبێ بوونى سەرپەرشتيارو چاوديرى بێلايەن كە نەزاهەتى هەلبژاردنەكە لە ساختە بپاريزێ، جگە لە چەواشەكارىو بە گالتەجاركردنى هەلبژاردن هيچى تر نيە. لە هەلومەرجى ئيستادا كە تاقمە ئيسلاميەكان مخالفينى خۆيان شەلالى خوين دەكەنو فتواى مەرگى بيدينەكانو پيرەوانى ديانەتەكانى ديكە دەبەخشيننەوەو ميرتگرى فيدائى صدامن بۆ كوشتنى ژنان...لە كاتيكدا كە لە سايەى دەسەلاتى مليشيايى تالەبانيدا هەرەشەى داخستنى بنكەى ريكخراويكى جەماوەرى وەكو ريكخراوى ئازادى ژن دەكريتو كۆمۆنيزم قاچاغ رادەگەيەنريت...ناكريت ئيدعاى ئازادىو هەلسورانى سياسى ئازادانەو ئازادى دەنگدانو هەلبژاردن بكريت.

**ئەزمەى حكومەتى بورژوازى**

بەلام لايەنيكى گرنگى ديكەى ئەم مەسەلەيە ئەوەيە كە ئەمريكاو قوتبى راست بێ بەرين لە كاراكتەرو قالبو چوارچيوەيەكى سياسىو ئايدۆلۆژى بۆ يەكلاكردنەوەى مەسەلەى دەولەت لە ئاستى سەراسەريدا، ئەمەش بنەمايەكى

ناکامی تا ئیستایانە لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا. بە مانایەکی دیکە بورژوازی عیراق دوچاری ئەزمەی حکومەتیە. بۆیە تەرحو بەدیلەکانیان هەر دریژەدەری سیناریۆی رەشە. نەبونی بەدیل بۆ دانانی لە جیگای رژیمی بەعس هەر لە سەرەتای ئەم دەورە تازەیەوە گرفتیکی ئەمریکا بوو، ئەو هەولەشی بێ ئاکام ماوەتەوە کە بتوانی کۆمەلیك رەوتو هیزو دەستەو تاقمی جۆراوجۆرو ناکۆك، بە وشکەکەلەك پیکەوەبنیتو بەدیلیکیان لی ساغ بکاتەوە. هەر تەرحیکیش لە داهاتودا لەسەر بناغەی لیکهەلپیکانی ئیرادەگەریانەی ئەم رەوتە ناکۆکانە بیتەکایەوە بێ ئاکام دەمینیتەوە. گرفتیکی سەرەکی بورژوازی عیراقی ئەوەیە کە خاوەنی هیزیکی جدی نیە کە لە ئاستی سەراسەریدا نوینەرایەتی بکات. ئەم هیزانەی ئیستا چ ئەوانەیان لە کەناری ئەمریکا راوەستاونو چ ئەوانەیان لە کیشەدان لەگەلیدا، هیچ کامیان نە خاوەنی تواناییکی سیاسیو عەمەلی ئەوتۆیە کە بتوانی مەسەلەی دەسەلات لە ئاستی سەراسەریدا یەکلابکاتەوە، بۆ نمونەی وەکو ئەوەی کە پیشتر حیزبی بەعس بە نوینەرایەتی کردنی ناسیونالیزمی عەرەبو بەریوەبردنی سەرکوتی خویناوی یەکلای کردبووەوە، نە خاوەنی هەویەتیکی ئەوتۆیە کە بتوانێ ببیتە بنەمایەکی سیاسیو ئایدۆلۆژی بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئاستی سەراسەریدا. هەرکام لەم هیزانە بگری بە هۆی هەویەتیکی قەومی یان تائیفیەوە کە هەلیانگرتووە، چ لە رووی سیاسیو چ لە رووی ئایدۆلۆژیەوە تەنها دەتوانن قەلەمرەویکی محەلی لە ئاستی ناوچەیەکی عیراقدا پەیدا بکەن، بەم جۆرەش بە ناچاری لە ناوچەکانی   دیکەدا دەبنە دیاردەیەکی بیگانەو بێ پایە.

**بەدیلی کۆمۆنیزمی کریکاری بۆ دەولەت**

لە روانگەی کۆمۆنیزمی کریکاریەوە وەلامدانەوە بە مەسەلەی دەولەتو ئارایشدانەوەی دەسەلاتی سیاسی، لە بنەرەتدا وەلامدانەوەیە بە دابینکردنو زەمانەتکردنی مافە سەرەتایی و حاشا هەلنەگرەکانی خەلك، ئەمە دەبێ لەسەروی هەموو شتیکەوە وەکو ئەصلیکی حاشا هەلنەگر چاوی لی بکریتو ببیتە بنەمای هەر حکومەتو یاسا و دەستووریك کە بۆ کۆمەلگای عیراق دەهینریتە گۆرێ. لەم روانگەیەوە وەکو فاکتەریکی بنەرەتی کە دەتوانێ زامنی ئەمە بیت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری پی لەسەر ئەوە دادەگریت کە حکومەتی ئایندەی عیراق دەبێ لە ریگای دەخالەتو بەشداری راستەوخۆی جەماوەری فراوانی خەلکی عیراقەوە دیاریبکریت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە پیکهاتنی هەلومەرجیك کە بواری ژیانیکی شایستە بە ئینسان بۆ خەلکی عیراق بخولقینێو مافە فەردی ومەدەنیەکان زامن بکات، بەندە بە هاتنە سەرکاری دەولەتیکەوە کە پشتی بە بەشداریو دەخالەتی راستەوخۆی خەلك بەستبیت. واتە لە ریگای هەلبژاردنیکی ئازادەوە بیت بە زەمانەتی ئەو هەلومەرجەوە کە لەسەرەوە باسکرا،  هەموو هاولاتیەکی بانتر لە شانزە سال بتوانی بەشداری تیا بکات چ بە خۆ کاندید کردنو چ بە دەنگدان. هەموو پۆستە ئیداریو سیاسیەکانی وولات لە ریگای هەلبژاردنی راستەوخۆی خەلکەوە دیاریبکریتو هەرکاتیکش خەلك بیەوێو ئیرادە بکات، بتوانێ لایانبەرنو کەسانی دیکە لە جیگایان دابنەن. ئەم شیوازە لە حاکمیەت لە چوارچیوەی سیستەمی شورایدا دەستەبەر دەبیت نەك سیستەمی پەرلەمانی کە رازاوەترین ئەلگۆی قوتبی راستی کۆمەلگایە. سیستەمی شورایی گونجاوترینو بالاترین شیوازە بۆ دەخالەتی راستەوخۆی خەلك لە دەسەلاتو بەریوەبردنی وولات. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە پیناو بەرپاکردنی سیستەمیکی شورایدا خەبات دەکاتو پی لەسەر ئەوە دادەگریت کە حکومەتی ئایندەی عیراق دەبێ لەسەر بناغەی سیستەمی شورایی دابمەزریتو حکومەتیکی سکولارو مودیرنی غەیرە قەومیو غەیرە دینی بیت. لە دریژەی ئەم باسەدا هەریەك لەم دەستەواژانە زیاتر شی دەکەینەوە.

بەلام ئیمە ئەو راستیە درك دەکەین، کە هەلومەرجی ئیستا هەلومەرجیکی شۆرشگیرانە نیە تا بکریت لە ریگای شۆرشیکی سەراسەریەوە مەسەلەی دەولەت بە قازانجی جەماوەری فراوانی خەلك یەکلابکریتەوە. بۆیە تیپەراندنی سیناریۆی رەشو هەلومەرجی ئالۆزکاوی ئیستا تا گەیاندنی بە دامەزرانو هاتنەسەرکاری بەدیلیکی حکومەتی کە مافو ئازادیو ئاسودەیی خەلك زامن بکات، بە ناچاری پیویستی بە خولقاندنی وەزعیەتیك هەیە کە زەمینەو پیشمەرجی دەخالەتی ئازادانەو راستەوخۆی خەلك لە دیاریکردنی حکومەتدا فەراهەم بکات. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ دەولەتیکی کاتی پیکبیتو بەشیوەی کاتی ئیدارەی عیراق بە دەستەوە بگریت. ئەم دەولەتە کاتیە نەزمو ئارامی بگیریتەوە بۆ کۆمەلگا، لە ریگای گرتنەبەری هەنگاوی عەمەلیو دەمودەستەوە وەلامیکی فەوری بە گرفتی برسیتیو ئەمنیەت بداتەوە، هەروەها زەمانەتی بەیاننامەی ئازادیە سیاسیەکانو سەرجەم مافە سەرەتاییە حاشا هەلنەگرەکانی خەلك بکات. هاوکات دەبێ هیزەکانی ئەمریکا لە عیراق برۆنە دەرەوە. ماوەیەکی پیویستو گونجاو دیاریبکریت بۆ ئەوەی لە هەلومەرجیکی ئازادو ئارامدا هەموو هیزو لایەنە سیاسیەکان لە سەراسەری عیراقدا بەبێ هیچ کۆسپو ریگریە، هەروەها بە کەلك وەرگرتنی یەکسان لە ئیمکانیاتی پیویست، هەلسورانی خۆیان بەرنەپیشەوەو بەدیلو تەرحەکانی خۆیان بە خەلك بناسینن. پاش ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جەماوەری خەلك بە بەدیلو تەرحە جیاوازەکان ئاشنا دەبن، بەسەرپەرشتیو چاودیری مەرجەعیکی نیونەتەوەیی بێ لایەن، هەلبژاردنی سەراسەری لە عیراقدا ئەنجام بدریت بۆ دیاریکردنی حکومەتی ئایندە. بەبێ رەچاوکردنی ئەو پیشمەرجانەی کە باسکران، باسکردن یان بەرپاکردنی هەر جۆرە هەلبژاردنیك، جگە لە فریوکاریو خۆلکردنە چاوی خەلك بۆ سەپاندنی بەدیلو دەسەلاتی کۆنەپەرستانە هیچی تر نیە.

هەلبەت بۆ پیادەکردنی ئەم بەدیلە حیزبی ئیمەو خەلکی عیراق، راستە ریگایەکی تەختیان لە پیش نیە، بەلکو لەگەل کۆسپو تەگەرەی جۆراوجۆر بەروروون، بەلام خالیکی بەهیزی ئەم بەدیلە ئەوەیە کە ئەو حیزبەی لە پشتی راوەستاوە بە پیچەوانەی هیزە بورژوازیەکانی سەر ساحەی عیراقەوە، خەسلەتە سیاسیو ئایدۆلۆژیەکەی، گەورەترین فرسەتو ئیمکانی پیدەدات کە پایەو پەتانسیلیکی بەهیزو بە تەواوی سەراسەری بۆ پیکبهینیت. چونکە لەسەرو هەویەی قومیو دینیو تائیفیو عەشایەریەوەو بەدەر لە هەموو ئەوانە، لەسەر بناغەی هەویەی هاوبەشی ئینسانیو هاولاتیانی یەکسان لە هەموو مافیکدا، نوینەراتی خواستو ئامانجە ئازادیخوازانەکانی هەموو دانیشتوانی عیراق دەکاتو دەتوانێ هەموویان لە ژیر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە. بە کردەوەش ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری تاقە هیزیکی سیاسی بە واقعی سەراسەریە کە لەم سەر تا ئەوسەری وولات توانیویەتی، لە سەروی ئەو خەتو دیوارانەوە کە لە سەر بناغەی هەویەی

قەومی‌و دینی‌و عەشایەری لە  نیوان دانیشتواندا پیکهینراوە، لە دەوری سیاسەت‌و ئامانجیکی واحد، دەستی هاولاتیان بنیتە ناو دەستی یەك‌و هیز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. لە رووی سەراسەری بونەوە هیچ هیزیك لەسەر ساحەی سیاسی ئیستای عیراق نیە کە بتوانی شان لە شانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بدات. ئەمە فاکتەرو بنەمایەکی گرنگ‌و بەهیزە بۆ سەرخستنی ئەم حیزبەو بەدیلەکەی، لە کاتیکدا پیچەوانەکەی خالیکی لاوازو هاوبەشی سەرجەم هیزەکانی دیکەیە.

**دریژەی هەیە**